(( حوکمی گران کردنی نرخی خۆراك و كەل و پەلەکان لەمانگی رەمەزانی پیرۆز ))

گرانکردنی نرخی بازار دیاردەیەکی زۆر ناشرینە بە تایبەتی لەم مانگە پیرۆزە کاریگەری زۆرە لەسەر خەڵك ... بەڵێ خەڵکان لە یاسای ئابوری ئیسلام ئازادن لە مامەڵە و کرین و فرۆشتن لەوانەی کەشەرع مۆڵەتی پێ داون لەجۆری قازانج و چۆنیەتی نرخاندن، خوای گەورە تەنها بەخۆی نرخ دانەرە[1] بەلام ئەم بنەمایە ئەو کات کاری پێ دەکرێ لە کۆمەلگایەکی سەقامگیرو دادپەروەرو خۆپارێز، هەر بۆیە گەورەمان عومەری فاروق (خوای گەورە لێی ڕازی بێت ) نرخی دانا لەسەردەمی خەلافەتی خۆی ، دواتر ئەوانی لە دوای ئەوهاتن لەسەر ئەو بنەمایە کاریان کرد لە پاش ئەو ، بڕوامان وایە کەوا گرانکردنی نرخەکانی بازار ئەگەر بە هۆکارێکی دەرەکی بێت، حکومەت لەسەریەتی کەوا هەڵسێت بە چارەسەری ئەم دیاردەیە لەسەر بنەمای ( لا ضرر ولا ضرار )[2] بەمانای نەزەر بەخش بە نەزەرمەند ، بۆ ئەوەی کۆمەلگای ئیسلامی لە کوردستان ئاسودە بێت هەروەها لە دەرەوەش خەلکەکە دڵنیا بن لە دادپەوەری یارمەتی دانی یەکتری هەروەها خەڵك هەست بکەن بە دڵنیا بونیان لەسەر خۆراك هەروەك چۆن مافی خۆیانە کە دڵنیابن لەسەر ئاسایشی خۆیان وەلاتیان ، کە ئەم مافانە هۆکارن لەسەر ئاشتی کۆمەلایەتی کە واجبە رەچاوی بکرێت لەسەر دەسەلات و خەڵك بەیەکسانی، بازرگانەکانیش پێویستە لەسەریان لەخوا بترسن لە مامەڵەکانیان و لەگەڵ ئەم خەلکەی کە خوای گەورە بۆی کردنە تاقیکردنەوەیەك، هەروەك پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت:( يا معشر التجار إنكم تبعثون يوم القيامة فجاراً الا من إتقى الله وبرَّ وصدَق )[3] بەمانای :( ئەی کۆمەڵی بازرگانان ئێوە رۆژی قیامەتت کە هەڵدەستنەوە و زیندوو دەبنەوە گوناهبارن تەنها ئەوانەی خۆیان پاراستووە بەخوای چاکەکارن و راستگۆن )، هەروەها دەفەرموێت: ( رحم الله رجلاً سمحاً إذا باع وإذا اشترى واذا اقتضى )[4]، واتە: خوا ئەو کەسە بگرێتەوە کە نەرم و نیان و مامناوەندیە ئەگەر بکرێت یان بفرۆشێ یان داوای قەرزی خۆی بکاتەوە .

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت چاوچنوکی بازرگانانی ترساندوە و وریای کردونەتەوە فەرمویەتی ( من دخل في أسعار المسلمين ليغليه عليهم فإنَّ حقا على الله أن يقذفه في جهنم) [5] وفي رواية ( في معظم

١ – رواه ابو داود باسناد صحيح من حديث انس رضى الله ، سنن ابى داود : ٣٢٢/٥ رقم ١٤٥١ .

٢ – وهو في الأصل حديث صحيح لغيره رواه ابن عباس رضى الله عنة مرفوعا . سنن ابن ماجة : ٤٣٢/٣ برقم ٢٣٤١ ومسند احمد : ٢٦٧/٣ برقم ٢٨٦٧ .

٣ – رواه ابن ماجة بهذا اللففظ عن رفاعة رضى الله عنه باسناد حسن : ٢٧٧/٣ ٢١٤٦ رواه الترمذى بلفظ آخر باسناد صحيح : ٥٠٧/٣ برقم ١٢١٠ .

٤ – رواه البخارى في صحيحه : ٥٧/٣ برقم ٢٠٧٦ من حديث جابر بن عبدالله رضى الله عنه .

٥ – رواه البيهقى في شعب الأيمان : ٥١٠/١٣ برقم ١٠٧٠١ عن معقل بن يسار رضى الله عنه .



Scanned by CamScanner

من النار يوم القيامة ) [٦] ، واتە: (هەر کەسێ دەستکاری بکات لەنرخی بازاری موسڵمانان و لەسەریان گران بکات ، بەراستی خوای گەورە فرێی دەداتە ناو دۆزەخ ) لە گێرانەوەیەکی تر دەفەرموێت :. دەیخاتە ناو ئاگرێکی زۆر گەورە رۆژی قیامەت .

هەرچەندە ئەگەر چاوچنۆکی بازرگانان کارێکی دزیو و ناحەز بێت بەلاَم لە مانگی پیرۆز ئەم ناشرینیە و گوناهەی زیاترە لەبەر ئەوەی ئەم مانگە تایبەتمەندی گەورەیی خۆی هەیە کە لە ئەژمارنایێ ، واجب و پێویستە لەسەر دەولەمەندان خێر و سەدەقە ببخشنەوە لە لەسەر هەژاران و رەچاوی بارودۆخیان بکەن ، هەروەها ئاسانکاری بکەن لەسەر خەلك و نرخ هەرزان بکەن، بۆ ئەوەی بۆ هەمووان برەخسێ ژیانێکی بەختەوەر بەسەر ببات ، هەروەها خوای گەورە بپەرستن بۆ ئەوە لێخۆش بوون و لێبوردەیی ئەو بەدەست بێنن، خوای گەورە دەفەروێت ( وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان )[٧] واتە: یارمەتی دەری یەکتری بکەن لەسەر خێرو چاکە و خۆپاراستن ، بە پێچەوانەش لەسەر کاری خراپ و گوناه یارمەتی دەری یەکتر مەبن .

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

**لیژنەی بالای فەتوا**
**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١٨/٥/١٥ زاینی - ٢٩ شەعبانی ١٤٣٩ کۆچی**

٦ - رواه ابو داود في المسند : ٢٤٢/٢ برقم ٩٧٠ ، وأحمد في مستده :٤٢٥/٣٣ برقم ٢٠٣١٣ باسناد جيد ، رواه الحاكم في المستدرك على الصحيحين بلفظ قريب : ١٠/٢ برقم ٢١٦٨ وسكت عنه الذهبي في التخليص .

٧- الآية ٢ من سورة المائدة .